زناك

محەمەد ڕەنجاو

فیکر لەچەواشەبونی خۆیدا

لەبەرئەوەی سەرچاوەو بونی ڕوناکبیری ئێمە ، لە لەدایك بونێکی قەسریەوە هاتۆتە ئاراوەو ڕێرەوە لۆژیکیەکی خۆی نەبڕیوەو لەپەنای رق و کینەو تەمومژی فیکری چواردەورەوە سەقامگیربوە ، ئاراستەکانی بیرکردنەوەو مامەڵەکردنی ڕۆژانەشی بەسەقەتیەکی موتڵەقدا ڕێ دەکا .

ئەوە تەنها نوسەرە لاوەکی و هەرزە گۆیەکانی پانتایی ڕوناکبیری کوردی نەگرتۆتەوە ، ئەگەر وابوایە جۆرە شەرعیەتێك دەدرا بەو کێشمەکێش و پیل پیلێنەی ئێستا لەسەر ڕوبەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا پیادە دەکرێ . ئەوە کێشەیەکە کە باکگراوندێکی قوڵی کەلتوریمان بەرهەمی هێناوەو پەیوەندی بەو لەدایك بونە ناشەرعیەوە هەیە کە ڕەوشی فیکری ئێمەی تیا گەلاڵە بوە .

لەناو گەلانی دیکەشدا ، لەناو گفت و گۆو کێشە فیکرییەکانی خەڵکی دیکەشدا ، موناقەشە هەیە ، کێشەی فیکری هەیە ، نارێکی لەبیرکردنەوەو ، ئاژاوە لەبۆچوندا هەیەو ، فەوزای گەورەشی لێ دەکەوێتەوە ، بەڵام ئەم فەوزا و کێشە فیکریانە ، لەسەر بونیادی عەقڵە لێك جیاوازەکان و ، هەڵاوێردنی ئیجتیهادە ئاکۆکەکان دەکرێ ، نەك لەسەر ئەساسی مەیلە نەخۆشەکان ، نەك لەسەر بونیادی کەف و کوڵی هەرزەکارانەی فیکری و داڕمانە دەرونیەکان و کەڵەکەبونی کینە بۆ ماوەییەکانی هەست بە کەم و کوڕی کردن .

ئەوەی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بە ناوی ڕەخنەو موناقەشەی یەکتری دەکرێ ، بابەتیانە نیە ، گفتوگۆی فیکری نیە کە عەقڵ تە حەکومی تیا بکات ، بەڵکو یەقدانەوەی گرێ دەرونیەکانی کەسایەتی کوردی نیشان دەدا ، بەرامبەر بە ژێرخانی ڕوناکبیری خەڵکانی تر کە دنیایەك بیرمەندو فەیلەسوف و پیاوی فیکری کەڕابوردودا بەرهەم هێناوەو ، ئێمەی کورد لێ ی بێ بەشین .

ئەو فەوزا فیکرییەی کە زیاتر لە گەڕەلاوژە دەچێ لەناو ڕۆژنامەگەری کوردیدا زیاتر زوخاوی برینێکە کە بەردەوام قەتماغەکانی ، قەپێلکی خۆیان فڕێ دەدەن و ، برینێکی نوێ بەرهەم دێنەوەو زۆر بەداخەوە ئەوانەی بەشداری لە هەڵدانەوەی قەتماغەی برینەکانیش دەکەن ، تەنها ئەوانە نین کە سەرەتاکانی بیرکردنەوەیان هەرزەگۆیانەیە بەڵکو ئەوانە بەشداری تیا ئەکەن ، کە ئومێدێك بەدیاریانەوە دانیشتوەو ، وەنەوزی خەو ئەیانباتەوە ئەوەی بە دیقەتەوە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بخوێنێتەوە هەست دەکا ، لەجیاتی بەرهەم هێنانی پرسیار وەڵامی حازر بەدەست و پڕلە کینە بەرهەم دەهێنن ، لەجیاتی گفتوگۆیەکی هێمنانەو پەرش کردنی بۆچونی جیاواز ، گەڕەلاوژە و یەکتر نەخوێندنەوە زاڵە ئەمە گرفتی ڕوناکبیری ئەمڕۆی کوردیمانەو ، ڕەنگدانەوەی ئەو هەل ومەرجە سەخت و قەیراناویەیەکە سەرجەم ژیان و بیرکردنەوەی هەر تاکێکی کوردی بەخۆیەوە شەتەك داوەو ، ئاژاوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیش زیاتر دەبنە ژیلەمۆی ژیر خۆڵەمێشی گرفتە پەنهانەکان .

ڕەنگی باران

بۆ سەروەر ئەحمەدو بەیان محەمەد
سوید - ستۆکهۆڵم / فەهد گردەوانی

وەکو ئێوە ڕەنگی
بارانم خۆش دەوێ
ئەگەر پایز
ڕەشماڵی خۆی
لەتۆپکی چیا دانەبەستێ،
هەر گەڵای دار بوو
گەردەلوولی دروست دەکردو
خۆی لەقەدی تۆدا
دەدۆزیەوە
نەمدەزانی تۆ
دەبێ قەدت ئەوەندە گەورە بێ
هەتا گەردەلول بخنکێنێ،
ئەوە ئێستا دەزانم
قەدی خۆتەو
قەدی بەیانت تێکئاڵاندبوو
بە دوکەڵی جگەرە
لەیەکترت پێچابوونەوە
لەوێ دوکەڵی ژوورەکەتم
خوێندەوە
ئەو کاتەی دەرگا دۆزرایەوە
حەزم دەکرد پەنجەرەکان ڕەنگدار بکەم
سەرما نازەکانی خۆی بەمنی هەژار دەفڕۆشی‌و
خۆی لەگەردەن‌و چاوو لووتم
دەسوێ
ئێرەو ئەوێ دەیانەوێ بەسەرما بمخنکێنن.
ئەوە هاتی، ناسنامەکەت
یا پاسەپۆرتت
وێنەی خۆتی پێوەیە،
یا وێنەی شەهیدێکی
لەبیر کراو
هەتا وەکو دەرگای سنوور
بکرێتەوە
بۆ ڕێزگرتن
لەشەهیدی لەبیر کراو
ئەدرێسەکەت ڕابگەیێنی یان نا؟
دەتدۆزمەوە
وەکو حەمە شێت‌و ئاسنەکانی،
کوا کەی حەمە شێت ئاسنەکانی ناناسێتەوە؟
بەرخۆکەو شیوی زەماوەندی بوکێ
کوا کەی زەماوەندی هەولێرەکەم
بەبێ بەرخۆکە خواردنی تیا خوراوە؟
نووسران‌و گازینۆی مەچکۆ
کامە گەنج خوێندەوار بوو
ئەگەر ڕۆژانە سەری لە مەچکۆ
نەدابایەو لەگەڵ تەحسین دۆست نەبایە؟
منو تۆ کتێبخانەی گشتی
کوا ئەوانەی لەژێر زەوی
بەکتێبان هەڵدەگەڕان‌و
یەکە یەکە شیعرەکانیان ماچ دەکرد
ئەو کاتە لەتەمەنیش
لە ڕامبۆ بچووکتر بووین؟
ئەدرێسەکەت
لەدڵمدا
هەڵکێنراوە
ئەی شارەکەم
هەولێرەکەم
ئەی ئەو جووتە کۆترە
لەکێ خۆیان لەمنی ئاوارە شاردۆتەوە؟
کام شەقام ئازارت دەدات
ناوی چییە ئەو گەڕەکەی یەک کەس
دەستی بەسەردا گرتووەو
شەوانە دڵت کون کون دەکات؟
ناویان چییە ئەو کەسانەی
ئازارت دەدەن‌و
لێ ناگەڕێن بەتەنها بن؟
شۆستەکانت لەژێر قاچی
هەژاراندا بۆ داخراوە؟!
تۆ گۆڕاوی یا بەیان گۆڕاوە؟
گوللە دڵی کێ کون دەکات
لەکوێییە ئەو دەستەی گەردەنتان ماچ دەکات
هەر پایزە جارێکی تر دەست لەملی
تۆ دەکاتەوەو
گەردەلول شۆستەکانت
پای دەکاتەوە.... هەولێرەکەم؟
دە پێم بڵێ ئەو دوو عاشقە
لەکوێ خۆیان شاردۆتەوە؟
دەگەڕێنەوە یان من دەگەمە لایان؟
ئەوکاتەی تۆم ناسی
لەخۆشیان قاچت دەلەرزی‌و
دەتگووت ئەو نووسینەم بۆ ڕاست کەوە
باسی ژیانی ئێوە دەکا
هەر زوو منیش
بۆتۆ، گەرووم پڵینەگەکانی شاری
لەخەو ڕادەپەڕاند،
نە تۆ لەخەو ڕابووی
نەبەیانیش هەواڵی گەیاند.
لەشار ڕەنجا بوون، بۆ لەبەغدا بەبێ ئازار
دوا ئەدرێست ڕاگەیاند؟ کامە شەقام هەڵتان
دەگری‌و
کەوا ئەو میوانخانەیەی سەرینی خۆی بۆ
ڕاخستن؟
من دەمەوێ یەکە یەکە
داستانەکان بگێڕمەوە،
لەشەقامی گەورەی شێستی

هەتا سەیداوەو سێتاقان،
تا دەگاتە
لای قەسری شیمال‌و ئیسکان
یەکە یەکە باسی نووسین
جا تۆ چیرۆکەو
منیش شیعرو جار جارەش میعر
لەوێ لەبەغدا داوای ناسنامەیەکم دەکرد
هەتا لەشەقامە قەڵەباڵغەکانی
سەعدوون‌و جومهوری‌و ڕەشید
ون نەبم
گوتیان ناسنامەی تۆ
وا لەژێر باڵی کێشکە
خۆی شاردۆتەوە
هەڵم دەگرێ
لەبەردەم چایخانەی پەرلەمان
ئەدرێسەکەم دادەنێ‌و
هەموو دەپرسن
ئەو گەنجە کێیە
وا خۆی دەخواتەوەو هیچ دەنگ ناکا؟
قوتابیانی هەولێرەکەم،
ئەوانەی دەیناسنەوە،
لەبن لێویان بەهێمنی دەڵێن
ئەوە سەروەر، چاوەڕوانی بەیان دەکات،
هەتا دەگاتە ئێرە،
هەر ئاوا کڕەو قسە لەگەڵ کەس ناکا.
سامیای خوشکم
ڕۆژی ١٧ / ٢ /١٩٨٦
نازانم لەهەولێر یا لەبەغدا
ادخان غرفتی‌ای بۆ ڕەوانە کردم
سێ چیرۆک
لەناو ئەو کتێبە خۆی شاردۆتەوە،
بەڵام چاک دەزانم
سەدان و هەزاران چیرۆکی تۆ
وا لە ئاسماندا بەئازادی دەسوڕێتەوە.
هاجس ١٩٨٠ - ١٩٨٢
موت رجل ١٩٨٣
حلم یقظە ١٩٨٣
ئەدرێسەکانی تۆ بوون.
کتێبەکەم
لەو کاتەوە هەتا ئەمڕۆ
بۆنی جگەرەکانی تۆی پێوەیە..
سەروەر بیوورە لەخەوم کردی.
بەیان بیوورە
شەوتان خۆش

شکور مستەفا

ڕیزێك چرای لە تاریکیدا پێکرد

باوکی چرۆ

یەکێك لە جومگەو ڕەگەزە هەرە لاوازەکانی مێژووی ئەدەبی‌و کایەی ڕۆشنبیری ئێمە بە گشتی بریتییە لە لاوازی‌و بێ هێزی ئەدەب‌و کایەی وەرگێڕان، واتا ئەو کایە ڕۆشنبیرییە نەیتوانیوە لە ڕێگای پرۆسەی وەرگێڕان بنەمای بێ تێن‌و ڕەگە سڕبووەکانی خۆی گەرم بکات‌و لەم ڕێگایە خوێنی تازە بۆ شادەمارەکانی جەستەی خۆی ببات‌و خۆی لە کۆن بوون‌و پیربوون‌و کەنەفتی بپارێزێت، لە کاتێکدا مەرجێکی سەرەکی بۆ پێشکەوتنی هەر گەل‌و نەتەوەیەك بوونی کلتورو پرۆسەیەکی بەهێزو کارای وەرگێڕانە لە سەرجەم بوارەکاندا، بۆ نموونە ڕۆشنبیران‌و بیرمەندانی وڵاتانی خۆرئاوا لە ڕێگای شاکارە فەلسەفی‌و ئەدەبییەکانی فەیلەسوفانی یۆنان توانیان یەکێك لە بەردەکانی بناغەی قۆناغی بوژانەوەو ڕۆشنگەری‌و ڕێنیسانس لەسەر زەمینی کۆمەڵگاکانی خۆیان دابنێن، تۆ وەرە سەیری ئەدەب‌و بەرهەمە جوان‌و دەوڵەمەندەکانی مەحوی‌و نالی بکە کەوا چ کاریگەرییەکی ئەدەب‌و دنیای فراوانی حافیزی شیرازی‌و شێخ سەعدییان بەسەرەوەیە،، سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش ژمارەیەك کەڵە ڕۆشنبیری ئێمە توانیان لە ڕێگای کلتورو ئەدەبی تورکی‌و بیانی هزرو توانای مەعریفی ئەدەبی تورکی‌و بیانی هزرو توانای مەعریفی خۆیان موتوربە بکەن‌و دواتریش ئەو کلتورە ئەدەبییە وەکو ئەزموونێکی سەرکەوتوو بگوزانەوە بۆ کایەی ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان‌و سوودو قازانجێکی زۆری پێ بگەیێنن‌و تەکان‌و گەرم‌و گوڕییەکی زۆرو ئیجابی بخەنە نێو سەرجەم مەوداکانی دنیای مەعریفی‌و فیکری‌و ڕووناکبیریمان، هەڵبەت ئێمە کە باس لە کزی‌و بێ هێزی ئەدەبی وەرگێڕان لە مێژووی کلتوری نەتەوایەتی کورد دەکەین وەنەبێت هیچ هەوڵ‌و بەرهەم‌و کۆششێك لەو بارەیەوە نەبووبێت، لەم ڕووەش‌و لە نێو لاپەڕەکانی ئەو مێژووەدا ئەزموون‌و تەقەڵلاو خۆماندوکردنێکی جوامێرانە‌و فەرهاد ئاسا هەیە، چونکە ژمارەیەك نووسەرو ڕۆشنبیر بەدەست‌و پەنجەی زێرین‌و پڕ لە بەخشش‌و داهێنان چەندین چرای گەشیان لە دالانە تاریکەکانی ئێمەدا پێکرد، کە شکور مستەفای نووسەرو ڕووناکبیرو وەرگێڕ دەکرێت بە یەکێك لە پێشەنگە هەرە دیارو داهێنەرەکان لە قەڵەم بدەین کە لەم بارەیەوەو لە نێو دنیاو ئەدەبی وەرگێڕاندا توانی لە ڕێگای هیلاکی‌و شەونخونی‌و خۆماندووکردنێکی زۆرەوە چەندین چرا بەبەر کۆژەی ئاسمانی فەرهەنگ‌و ڕۆشنبیری نەتەوایەتی کوردەوە بکات، مامۆستا شکور مستەفا لە نێو ئەو دنیایەدا بە توانار سەلیقە‌و وردبینییەکی زۆرەوە توانی لە ڕێگای پرۆسەی وەرگێڕانەوە چەندین ڕایەڵەی پتەو لە کلتورو ڕۆشنبیری بیانیەوە بە کلتورو ڕۆشنبیری کوردەوە ببەستێتەوە کە دەکرێت دیاترین‌و جوانترین بەرهەم‌و خەرمانەی سووری مامۆستامان لەم ڕووەوەو وەرگێڕانی (کاریتەیا ئەو دیوچیا) بێت کە ڕۆمانێکی دەوڵەمەندو بەپێزو پڕ لە پیت‌و شاکارێکی هەرە جوانی دنیای ڕۆمانی جیهانی بوو، کە ئەو توانی بەوپەڕی دەست ڕەنگینی‌و کابانی‌و لێهاتوویی وەربگێرتە سەر زمانی شیرینی کوردی‌و بەمەش گەرمی‌و ڕووناکی بخاتە نێو ماڵی ساردو تاریکی ڕووناکبیری ئێمە.

شکور مستەفا لە نێو ئەدەبی وەرگێڕان‌و هونەری وەرگێڕاندا هێندە داهێنەرو شارەزاو کارامەبوو، تۆ کە بەرهەمی وەرگێڕدراوی ئەوت دەخوێندەوە هەستت دەکرد کە خۆی نووسەری ئەو بەرهەمەیە کەسێك ڕۆمانەکانی ئەفسانەی چیای ئاگرین‌و زەوی ئاسن‌و ئاسمانی مسر‌و قەڵای دمدم‌و کاریتەیا ئەودیو چیاکە ئەو وەریگێڕانە سەر زمانی کوردی هەرگیز درکت بەوە نەدەکرد کە ئەو ڕۆمانە جوانانە بابەتی‌و وەرگێدراون، سڵاو لە شکور مستەفا کە لە ڕێگای توانای عەقڵی‌و بەرفراوانی خەیاڵ‌و هزرو ڕۆشنبیری خۆی چەندین نەوەی نەتەوەکەی خستە ژێر باڵی خۆشەویستی خۆی‌و چەندین چرای گەشی لە دنیای تاریکی ئێمە پێکرد.

تاران لە دیدارێکی هەفتەییدا

-١١-

پەنا ڕۆشنەکانی لالە

کەریم کاکە

لە دوا شەوەکانی مانگی ئاب، لالە فێنك فێنك، دەڵێی لە ماڵی بەهار هەڵدراوە، (لالە)ش پیرە بەڵام پیرێکی تابڵێی جوان، تا بڵێی تەرو پڕ، سەوز سەوز لە بەهاریش سەوزتر، ئاودار، ئاودار لە هەوری زستانی بە بارانیش ئاودارتر، لالە ڕووناك ڕووناك، بە شەویش وێنەی ڕۆژ ڕووناك، جێیە بەرچاوەکانی تا ئەو دیوی ڕووناکی ڕووناك، جێیە لاچەپەکانی ئاوێتەیەك لە تاریکی و ڕووناکی، یان ئەو ڕەنگەی زۆر جار بە ڕەنگی ڕۆمانسی یا ڕەنگی عەشقی دەناسرێتەوە.. زۆر جێگەی ئەو لالەیەی من لەو شەوە هاوینیە دیتم لەو ڕەنگە بوو، ڕەنگی سەرڕێژ لە ڕۆمانسی..

هەرچی درەختی دنیا هەیە بە هەموو وەرزەکانییەوە، وا لەو هاوینەی لالەدا سەوزایی دەڕژێننە چاوەوە و فێنکایی دەپرژێننە گیانەوە، هەرچی ڕووناکایی عەرد و ئاسمان هەیە لە کەلێنی لق و گەڵای درەختەکانەوە دەخزێنە بەر ڕێشتنەوە و ڕێ نادەن پێیەکان ساتمە لە خاڵی تاریك بکەن.. لە هەموو لاوە ئاو، هیچ ئاوێکم نەدیت وەك ئاوی باخی لالە بە ناز، بە بن درەختە پیرەکانەدا و لە ژێر ڕووناکایی گڵۆپەکان و ئەو سێبەرە تەنکانەی لە چەفیەی کچانی ئەوێ تەنکتر خۆیان ڕاخستبوو، بە نازەوە دەڕێشت، پێ بە پێی ئەو کچانەی پێیەکانیان بە تایبەت بۆ پیاسەی ناو باخ درووستکرابوون، دەڕێشت و لە جێ جێ کەمێك، بە دەنگێکی نزم وەك ئەوەی نەیەوێت قسە بەو کوڕ و کچانە بڕێت کە وەك کۆتر سەریان بە بن گوێی یەکترەوە نابوو، هاژەی دەکرد...

درەختەکانی لالە زۆر پڕ بوون، بەڵام لەبەرئەوەی شەو بوو لە تەمەنی خۆیان کەمتر خۆیان نیشاندەدا، کاتی خۆی لە درەخت ناسێکم بیستبوو کە درەخت لە شەودا خۆی لاوتر نیشاندەدات وەك لە ڕۆژ، جا بۆ ئەوەی تەمەنی درەختێك بزانی دەبێت بە ڕۆژ لێیبڕوانی نەك شەو، جا با ئەو شەوە چراخانیش بێت، هەر چاو بە هەڵە دەبات... درەختەکانی لالە بە شەوێش هەر پڕ بوون، ئەو ساتانەی لە قەد و باڵای درەختەکانی باخی لالە ورد دەبوومەوە، ئەو داربەڕووە بە تەمەندا چووانەم بیر دەکەوتەوە کە کاتی خۆی، پێش ئەوەی بای ئەنفال هەڵبکات، لە دەڤەری چیای گارە وەك جەللادی درەخت، بە خۆ و تەورێکی گەورەی تیژەوە لە دەوریان دەسووڕاین و دوای وەرزشێکی چارەگە دەمژمێری ئەو درەختە باڵا بەرزە گەلاّ مەیلە و سەوزە ناو کلۆرە زرم بە عەردی دەکەوت و هێندەی کەرتکە چیایەك دەنگی لێوە دەهات، ئا، درەختەکانی لالە وەك درەختە کلۆرەکانی گارە بە ساڵدا چوونە..

لە ژێر درەختە بە ساڵداچووەکان، کوڕ و کچی گەنج، بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون، دەست لە ناو دەست پیاسەیان دەکرد، هەندێکیان خۆیان دابووە بەر ڕووناکی، هەندێك دەچوونە ئەو سووچانە کە لە دوورەوە ڕووناك دیار نەبوون و لە نزیکەوەش تاریکییەکی زۆر کاڵ نزیك لە ڕووناکییەکی کاڵ.. لەو سووچانە وە لە ژێر تیشکی کزی گڵۆپەکانەوە هەر کەسێك بیویستبا بیبینێ، دەیبینی، عەشق و دەسبازی دەبینی، من بە چاوی خۆم دیتم لە بن چەند درەختێك و چەند کوڕ و کچێکم دیت کە شەوی لالەیان کردبووە شەوی عەشق..

-بابە، ئەها ئەو پیاوە ئەو ژنە ماس دەکات!

-قەیناکە، دەبێت..

هەندێك جار باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ڕێی تێناچێت لە کۆمارێکی ئیسلامی، لە شەوی باخێك، کوڕ و کچ بەو شێوەیە بچنە باوەشی یەکتر و خەریکی ماچ و دەستگوشین و قۆڵگوشین و... بن.. لەوێوە لە باخی لالەوە بێ ئەوەی مەبەستم بێت، یەکسەر هاتمەوە گڵکەندی هەولێرو وێنەیەکی گڵکەندم لەگەڵ ئەو وێنەیەی لالە لە تەنیشت یەك ڕاگرت.. پێش چەند ساڵێك بە چاوی خۆم لە بن درەختێکی پیری ئەو گڵکەندە دیتم دەستی کوڕێك لە سەرشانی کچێکە من هەر هێندەم دیت، ڕەنگە شتی دیش بە دووی دەستەکەدا هاتبێت.. هێندەم زانی بووە، دەنگە دەنگ و هاتو هاوار، گوێم لێبوو چەکدارێك بە دەنگی بەرز و بە ناوی حکومەتەوە هەڕوگیفی دەکرد و بە کوڕەکەی دەگوت: شەرمت بە خۆت نیە؟ ئەگەر کوڕێك وا لە خوشکی تۆ بکات، چی دەکەیت؟!... بەڵام لە لالەی تارانی کۆماری ئیسلامی، بە دیتنی ئەو وێنەیە، نەگوێم لە هیچ قسەیەکی پۆلیس بوو، نە هیچ پۆلیسێکیشم دیت...

پۆلیس لە تاران هەیە؟! چەندان کەڕەت ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد.. کوردێك لە تاران لە سەر شۆستە سەعاتی دەفرۆشت، کە زانی خەڵکی هەولێرم، زۆر بە سادەیی ناوێکی هێنا، گوتی : ماڵیان لە سەیداوەیە، نایناسی؟ نەمناسی.. قسەیەك لەو قسەیەك لە من، قسە گەیشتە سەر پۆلیس، دەیگوت: تۆ نازانیت، هیچ شارێك هێندەی تاران پۆلیس و پیاوی حکومەت و جاسووسی حکومەتی تێدا نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی جلی تایبەتیان لە بەر نیە، نایانبینی.. نازانم قسەی ئەو پیاوە تا چەند و تا کوێ ڕاستە، هێندە دەزانم لە قەسری شیرینەوە تاگەیشتمە تاران و لەوێشەوە هاتمەوە قەسری شیرین هیچ پۆلیسێکم نەدیت، هیچ چەکێکم نەدیت، لە ناو باخی لالەش کچ و کوڕ نالێم بە ئاشکرا بەڵام نیوە ئاشکرا عەشقیان دەکرد، ماچیان دەکرد، کەسێك، پۆلیسێك نەهات، بڵێ: ماچ قەدەغەیە، نەهات، بەکوڕەکە بڵێ: ئەگەر خوشکت وا..